### ڕاپۆرتی کۆتایی کۆنفرانسی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان،

**هاوڵاتیانی بەڕیز، کوردستانیانی هێژا.**
**ئەندامان و هابیرانی و دۆستانی پارتی سەربەستیی کوردستان،**

**بە خۆشحاڵییەوە پێتان ڕادەگەیەنین کە ڕۆژانی 29و 30 بەفرانباری 2707 ی کوردی، بەرامبەر بە.ڕۆژانی 19 و 20 ی مانگی 1ی 2008 ی زاینی، یەکەمین کۆنفرانسی پارتی سەربەستیی کوردستان کە 2 ڕۆژ درێژەی هەبوو، بە سەرکەوتووی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.**
**ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس تایبەت بوو بە کۆنفرانسی تەشکیلاتەکانی ناوخۆی وڵات، کە بە سەرپەرەستی سکرتێری گشتی پارتی سەربەستی جیا جیا لەگەڵ شانە جیاوازەکانی ناوخۆی وڵات بە ڕێوە چوو، وێرای تاوتۆی کردنی خاڵەکانی کۆنفرانس وهەڵسەنگاندنی هەل ومەرجی کوردستان لە ناوخۆی وڵات، هەروەها لە پێوەندی بە شێوەی کارکردنی ئەندامانی ناوخۆی وڵات، پەسەند کردنی چەند پێشنیارێکی کارکردنی تایبەت بۆ تەشکیلاتی ناوخۆ پەسەندکرا، چەند ئەندامێکی چالاک وهەڵسوڕی پارتی لە ناوخۆی وڵات بە ئەندامی سەرکردایەتی لە لایەن ڕێکخستنەکانەوە بۆ کۆنفرانسی یەکەم دەست نیشان کران، هەر هەمان ڕۆژ لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە باشوری کوردستان کۆنفرانسی یەکەمی پارتی درێژەی بە کارەکانی خۆیدا وچەندین خاڵێکی گرنگ تاتۆی کران،**

**ڕۆژی دووەم کۆنفرانس، تایبەت بو بە ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، وەک وڵاتانی ئوروپاو ئەمریکا، کە بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو، کاک ئەیوب ڕەحمانی لە لایەن بە شداربووان وەک بەریوەبەری کارەکانی کۆنفرانس دیاری کرا. سەرەتا بەرنامەی کردنەوەی کۆنفرانسی یەکەم بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب ویەکدەقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان کرایەوە، پاشان بە سرودی تایبەتی ئاڤەرم ئەی پێشەوا بە بۆنەی 62 ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئەو ڕۆژە مەزنەش پیرۆزکرا،**
**ئەسڵی بەرنامە کە بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتی گشتی 2 ساڵەی پارتی سەربەستیی کوردستان، لەلایەن بەڕێز کاک عارف باوەجانی سکرتێری گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان دەستی پێکرد، کە لەو ڕاپۆرتەدا کارو تێکۆشانی 2 ساڵەی پارتی بە شیوەیەکی کورت کراوەی ئاراستەی کۆنفرانس کرا، پاشان ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی پارتی لەسەر هەل ومەرجی کوردستان وجیهان وئێران ئاراستەی کۆنفرانس کرا، لەو کۆنفرانسەدا وێرای باسێکی گشتی لەسەر کارو تێکۆشانی پارتی و ڕاپۆرتێکی گشتی سیاسی، ئاماژە بە گرنگی پێدان ونزیک بوونەوە لە پارت ولایەنەکانی کوردستانی درا، بڕیاردرا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەنگاوی زیاتر بنرێت بۆ نزیکایەتی لەگەڵ پارتەکانی کوردستان، بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی سەرکردا یەتی پسک بۆ کۆنفرانسی یەکەم، بانگێشەی پارت ولایەنەکانی کوردستانی بوو کە تێیدا**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

داواکرابوو بە پەلە لە هەوڵی دروست کردنی بەرەیەکی کوردستانی بن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو پەیامەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دروست بوونی بەرە خواستی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
بابەتێکی دیکەو گرنگی ئەو ڕاپۆرتە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی مادە بێهۆشکەرەکانە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە سەر لاوانی کوردستان،لەو ڕاپۆرتەدا داواکرا لە گشت پارت ولایەنەکانی کوردستانی کە زۆر گرنگی بەو پلانەی داگیرکەران بدرێت ولە ڕوانگەی نێۆنەتەوەیەوە کاری لەسەر بکرێت هەوڵی زۆر بدرێت بۆ ڕسواکردنی ئەوڕێژیمە،

لە پاش خوێندنەوەی ڕاپۆرتی گشتی پارتی، لەلایەن ئەندامانی بەشداری کۆنفرانس و باسێکی گشتی لەسەر ئەو ڕاپۆتە هاتە گۆڕی و بە تێکڕا بە ڕاپۆرتێکی باش و پڕمانا پەسەند کرا،
بەشی دیکەی بەرنامەی کۆنفرانس تەرخان کرابو بۆ باسێکی کورت لە سەر سەرکردایەتی پێشو و نۆی پارتی سەربەستیی کوردستان، پاش باسێکی گشتی لەسەر کاری ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی پێشوی پارتی سەربەستی، سەکردایەتی نۆیی پارتی سەربەستیی کوردستان بە پەسەندی بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەم بەم شێوەی خوارەوە دیاری کرا،

ناوی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان لە کۆنفرانسی یەکەم،

1. ڕۆشنا ڕۆژهەڵاتی خەڵکی موکریان. شۆێنی ژیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان
2. سەردار کوردنژاد خەڵکی ئیلام، شۆێنی ژیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان
3. ئەیوب ڕەحمانی خەڵکی بانە، شۆێنی ژیان سویسرا
4. مەولود ئەفەند خەڵکی مهاباد موکریان، شۆێنی ژیان باشوری کوردستان
5. دڵشاد پەروانە خەڵکی سەردەشت موکریان. شۆێنی ژیان سوید
6. زانیار مەریوانی خەڵکی مەریوان،شۆێنی ژیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان
7. عارف باوەجانی خەڵکی سەلاسی باوەجانی کرماشان، شۆێنی ژیان نۆرویژ، نەرویج

نێوی ئەندامانی جێگری سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.

1. سەیران مەلەوی خەڵکی جوانڕۆ کرماشان،شۆێنی ژیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان
2. ئاگری وەتەندۆست خەڵکی کرماشان، شۆێنی ژیان ڕۆژهەڵاتی کوردستان
3. ئەمیر ئەحمەدی خەڵکی سەلاسی باوەجانی کرماشان، شۆێنی ژیان سوید

ڕاوێژکارانی بوارە جیاوازەکانی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.

1. سروە ڕەحمانی خەڵکی سنە ، شۆێنی ژیان ئەمریکا،
2. تاڤگە بۆکانی خەڵکی بۆکان، شۆێنی ژیان باشوری کوردستان،
3. هاشم موحەمەدی خەڵکی جوانڕۆ کرماشان، شۆێنی ژیان نۆرویژ.
4. ئاهورا هەورامی خەڵکی هەورامان، شۆێنی ژیان باشوری کوردستان،
5. ڕەحمەت مەولانپور خەڵکی سەردەشت، شۆێنی ژیان ئەمریکا .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشان بە تێکڕای ئەندامانی بەشداری کۆنفرانس لە ڕۆژی یەکەم و دووەمدا کاک عارف باوەجانی وەک سکرتێری پارتی سەربەستیی کوردستان تا کۆنگرەی یەکەم دووبارە پەسەند کرایەوە، هەروەها ریز و دەست خۆشانە لە کارەکانی ئەو 2 ساڵەی کرا،
لە درێژەی باسەکانی ناو کۆنفرانس زۆر مەسەلەی دیکە باسیان لێکراو شرۆڤەکران، وەک کێشەی ژنان لە کوردستان ومەسەلەی هەڵبژاردنی دەورەی هەشتەمی مەجلیسی لە ئێران، هەروەها بڕیاری دروست کردنی ڕێکخراوی لاوان و ژنانی سەر بە پارتی سەربەستیی کوردستان درا،

باسێکی دیکەی کۆنفرانسی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان، بڕیاری بەهێزکردنی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان بوو، کە کۆنفرانس بڕیاری دا مانگەنامەیەک بە ناوی سەربەستی  وەک ئۆرگانی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بڵاو بکرێتەوە، دەستەیەکی تایبەتی لە ئەندامانی پارتی و بە سەرپەرەستی سەرکردایەتی پارتی بۆ ئەو ڕۆژنامە دیاری کرا،

شایانی باسە کە لە نێو 15 ئەندام و جێگر وراوێژکاری سەرکردایەتی نۆیی پارتی سەربەستیی کوردستان 4 ژنی تێدایە،کە 30 %سەرکردایەتی ئەو پارتە لە ژنان پێک هاتووە.

کۆنفرانسی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان، بڕیاری بەستنی کۆنگرەی یەکەمیان بۆ هاوینی داهاتوو پەسەند کرد، بەرنامەو پلانی کاری کۆنگرەییان تاوتۆی کرد،

کاتژمێر 9 و نیوی شەو بە کاتی ئوروپا و 12 شەو بە کاتی کرماشان کۆنفرانسی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان، بە خۆشحاڵی ئەندامانی بەشدار و پیرۆزبایی لە یەکتردن و بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب  کۆتایی بە کارەکانی هێنا .

ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان،  30 ی خەرمانانی 2707 ی کوردی،
www.psk2006.org

تێبینی لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕاپۆرتی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان پەسەند کراوی کۆنفرانسی یەکەم بڵاو دەکرێتەوە،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com